سودانی وسادقونی نوێنەرایەتی جێخت لە گرنگی تەواوکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دەکەنەوە

ئەمە چوارشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، و ئەندامانی کوتلەی سادقون لە پەرلەمان، جێختیان لە گرنگی تەواوکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبع کوتووە، دەڵێت: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە چوارشەممە، پەشوازی لەئەندامانی کوتلەی سادقون لە پەرلەمان کرد.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە: لە کەبوونەوەکەدا بارودۆخی گشتی لە کەرتە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، و خزمەتگوزاری تاوتوێ کرا، هەروەها جێخت لەسەر گرنگی تەواوکاری نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان کرایەوە بە مەبەستی پێشخستنی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و ئەولەویەتەکانی بە ئامانجی باشترکردنی گەشەپەدانی وەڵات و پەشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

هەروەها لەکەبوونەوەکەدا گفتووگۆ کرا لەبارەی ئامادەکارییەکانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی داهاتوو لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، هەروەها پێویستی پاڵپشتیکردنی ئەکارەکانی کەمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و دەستبەرکردنی سەربەخۆیی و نەزاهەتی هەڵبژاردنەکە، هەروەها دەستبەرکردنی بەشداریکردنی بەرفراوان تێیدا بەجۆرێك ئەنگدانەوەی ئیرادەی دەنگدەران بێت لە هەڵبژاردنی

نو□ن□ر□كا نيان ل□ ئ□نجوم□نى نو□ن□ران.